له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

ئەو كارانەی دەبنە هۆی

# سزای گــۆڕ

٧

ئامادەكردنی

مامۆستا عبيد محمد أمين

-----------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران : ١٠٢].

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[النساء : ١].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾[الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١].

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا وپێغەمبەری خواش ﷺ لە فەرموودە جوانەكانیدا باسی سزای قەبری بۆ كردووین وفەرمانیشی پێكردووین پەنا بگرین بەخوای پەروەردگار لە سزای قەبر، هەر وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

«استجيروا بالله من عذاب القبر فإن عذاب القبر حق»[١]، واتە: ئەی مووسڵمانان پەنا بگرن بەخوای پەروەردگار لە سزای قەبر چونکە بەڕاستی سزای قەبر حەق وڕاستە.

لێرەدا باسی هەندێك لەو تاوانانە دەكەین كەوا هەر كەسێك ئەنجامی بدات تووشی سزای قەبر دەبێت، وە ئێمەی مووسڵمان كاتێك دەڵێین خوایە پەنا دەگرین بەتۆ لە سزای قەبر دەبێت بزانین چ تاوانێك تووشی سزای قەبرمان دەكات تاوەكو خۆمانی لێ بپارێزین.

پێغەمبەری خواﷺ باسی كۆمەڵێك تاوانمان بۆ دەكات كە هەر مووسڵمانێك ئەم تاوانانەی لە خۆی یان لە ماڵ ومنداڵ وكەس وكاری بەدی دەكات بائاگادار ببێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەت سەرشۆڕ نەبێت ولە ژیانی ناو قەبر تووشی سزای خوای پەروەردگار نەبێت.

## ڕۆژوو شكاندن پێش خۆر ئاوابوون

ئەبو ئومامەی باهلی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرموویێت: گوێم لە پێغەمبەری خواﷺ بوو دەیفەرموو: «بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ أَتَانِى رَجُلاَنِ فَأَخَذَا بِضَبْعَىَّ فَأَتَيَا بِى جَبَلاً وَعْرًا فَقَالاَ لِىَ: اصْعَدْ فَقُلْتُ : إِنِّى لاَ أُطِيقُهُ فَقَالاَ : إِنَّا سَنُسَهِّلُهُ لَكَ فَصَعِدْتُ حَتَّى إِذَا كُنْتُ فِى سَوَاءِ الْجَبَلِ إِذَا أَنَا بَأَصْوَاتٍ شَدِيدَةٍ فَقُلْتُ : مَا هَذِهِ

---

[١] المعجم الكبير، و صححه الألباني في صحيح الجامع.

الأَصْوَاتُ قَالُوا : هَذَا عُوَاءُ أَهْلِ النَّارِ ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِى فَإِذَا أَنَا بِقَوْمٍ مُعَلَّقِينَ بِعَرَاقِيبِهِمْ مُشَقَّقَةٌ أَشْدَاقُهُمْ تَسِيلُ أَشْدَاقُهُمْ دَمًا قَالَ قُلْتُ : مَنْ هَؤُلاَءِ قَالَ : هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يُفْطِرُونَ قَبْلَ تَحِلَّةِ صَوْمِهِمْ»[1]، واتە: كاتێك خەوتبووم (خوای پەروەردگار لە خەودا كۆمەڵێك شتی پیشانی پێغەمبەری خواﷺ داوە كە دوو مەلائیكەتی بۆ ناردووە لەسەر شێوەی مرۆڤ بۆ ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ كۆمەڵێك لە سزای ناو قەبر ببینێت وبۆ ئێمەی باس بكات تاوەكو خۆمانی لێ بپارێزین) دوو پیاو هاتن بۆ لام وقۆڵیان گرتم ووتیان: بابڕۆین وبردمیان بۆ لای شاخێكی ڕەق وسەخت ووتی: سەربكەوە، ووتم: ناتوانم سەربكەوم بەسەر ئەم شاخەدا، ووتیان: ئێمە بۆت ئاسان دەكەین، سەركەوتم وكاتێك گەشتمە ناوەڕاستی شاخەكە گوێم لە هاوار ودەنگێكی زۆر ناخۆش وشیوەنێكی ناخۆش بوو، ووتم: «مَا هَذِهِ الأَصْوَاتُ»، ئەم دەنگ وهاوارە ناخۆشە چیە گوێم لێی دەبێت؟ ووتیان: «هَذَا عُوَاءُ* أَهْلِ النَّارِ»، ئەمە دەنگ وهاواری ئەهلی ئاگرە ئەوانەی كەوا خوای پەروەردگار سزایان دەدات وبەئاگر دەیان سووتێنێ.

هەروەها دەربارەی ئەو كەسانە خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ﴾ [الأعراف:١٧٩]، واتە: ئەوانە وەكو ئاژەڵن بەڵكو لە ئاژەڵیش خراپترن،

---

[1] رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحهما، والمعجم الكبير للطبراني، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

* ووشەی (عُوَاءُ) لە زمانی عەرەبیدا واتە: لورەلوری چەقەڵ ولورەلوری گورگ ولورەلوری سەگ، هەر بۆیە ووشەی (عُوَاءُ)ـی بەكاهێناوە چونكە ئەوانیش وەكو چەقەڵ وگورگ وسەگ هاوار دەكەن.

هەر بۆیە دەبێت ئاگاداری خۆمان ببین هەر چەند ئومێدمان بەخوای پەروەردگار هەبێت لەهەمان کاتیشدا لە سزای پەروەردگارمان بترسین.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «ثُمَّ انْطُلِقَ بِی فَإِذَا أَنَا بِقَوْمٍ مُعَلَّقِينَ بِعَرَاقِيبِهِمْ تَسِيلُ أَشْدَاقُهُمْ دَمًا قَالَ قُلْتُ: مَنْ هَؤُلاءِ قَالَ : هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يُفْطِرُونَ قَبْلَ تَحِلَّةِ صَوْمِهِمْ»، واتە: کۆمەڵە کەسانێکم بینی بەپاژنەوە هەڵواسرا بوون وڕوومەت وشەویلگەیان شەق شەق بوو وخوێنی لێ دەهاتە خوارەوە، ووتم: ئەمانە کێن؟ ووتیان: ئەمە ئەو کەسانە لە دونیادا بەڕۆژوو دەبن بەڵام پێش ئەوەی کاتی ڕۆژوو شکاندن بێت ڕۆژووەکەیان دەشکێنن واتە چاوەڕێی ئەوە ناکەن کەوا بەتەواوەتی خۆر ئاوا بێت.

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە ئەمە سزای کەسێك بێت کەوا بەڕۆژوو دەبێت بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی کەمێك پێش تەواوی بوونی ڕۆژ ڕۆژووەکەیان دەشکێنن ئەی دەبێ سزای ئەو کەسانە چی بێت کەوا بەبێ هیچ عوزرێکی شەرعی بەڕۆژوو نابن؟!!

## کوژراوی کافران

هەر لە فەرموودەکەی ئەبو ئومامەی باهلی - خوای لێ ڕازی بێت - پێغەمبەری خواﷺ چەند دیمەنێکی تر لە سزای قەبر بینیووە وپاشان دەفەرموویت: «ثُمَّ انْطَلَقَ بِي حَتَّى مَرَرْتُ بِقَوْمٍ أَشَدِّ شَيْءٍ انْتِفَاخًا، وَأَنْتَنِهِ رِيحًا وَأَسْوَئِهِ مَنْظَرًا ، قُلْتُ:

مَنْ هَؤُلاءِ؟ قِيلَ: هَؤُلاءِ قَتْلَ الكُفَّار»[1]، واتە: پاشان بەلای كۆمەڵێك تێپەڕیم وتەماشام كرد زۆر ئاوسان بوون وبۆنێكی زۆر ناخۆشیان هەیە وە دیمەنێكی ناشیرینیان هەیە، ووتم: ئەم كۆمەڵە كێیە؟ ووتیان: ئەمە ئەو كەسانەن كەوا بەكافری كوژران.

ئەو كەسانەی كەوا باوەڕ بەئاینی ئیسلام ناهێنن ودژایەتی ئاینی ئیسلام وپێغەمبەری خواﷺ دەكەن وئیسلام بەئاینێكی دواكەوتوو دەزانن ئەمە سەرئەنجامیان دەبێت، هەر وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا﴾[طه: ١٢٤]، واتە: هەر كەسێك پشت هەڵ بكات لە زیكری من كە قورئانی پیرۆز وفەرموودەكانی پێغەمبەرەﷺ ئەوە بەڕاستی ژیانێكی زۆر تەنگ وناخۆشی دەبێت.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ باسی ژیانی تەنگ وناخۆشمان بۆ دەكات(المعيشة الضنك) هەر وەكو ئەبو هورەیرە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: « أتدرون ما المعيشة الضنك، قالوا: الله ورسوله أعلم، قال: عذاب الكافر في قبره والذي نفسي بيده إنه يسلط عليه تسعة وتسعون تنينا: أتدرون ما التنين سبعون حية لكل حية سبع رؤوس يلسعونه ويخدشونه إلى يوم القيامة»[2]، واتە: ئایا دەزانن ژیانی تەنگ وناخۆش چییە؟ هاوەڵانیش وەكو هەمیشە بەئەدەبەوە

---

[1] رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحهما، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

[2] رواه أبو يعلى، وابن حبان في صحيحه، وقال الألباني حسن في صحيح الترغيب والترهيب.

بەرامبەر بەمامۆستا وپێشەوایانﷺ ووتیان: خوا وپێغەمبەری خواﷺ دەزانێت ژیانی تەنگ وناخۆش چییە، فەرمووی: ئەوە سزای خوای پەروەردگارە بۆ کافران لە ناو قەبرەکانیان، پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە نەوەدوو نۆ تنین زاڵ دەکات بەسەر ئەو کەسەدا، پاشان فەرمووی: دەزانن تنین چییە؟ هەر تنینێك حەفتا مارە وهەر مارێکیش حەوت سەری هەیە، ئەگەر لێکی بدەینەوە (٩٩×٧٠= ٦٩٣٠) مار هەر مارێکیش حەوت سەری هەیە.

هەر بۆیە پێغەمبەری خواﷺ باسی ماری تنینی بۆ کردووین، چونکە چەندین مواصەفاتی تێدایە کە لە هیچ جۆرە مارێکی تردا نییە هەر وەکو ئەمانەی کە باسی دەکەین چەند مواصەفاتێکی تایبەتی ماری تنینن.

یەکەم: ئەو مارەیە کە وەکو دار خورما درێژە.

دووەم: هەر دوو چاوی وەکو خوێن سوورە.

سێیەم: دەم وناو سکی زۆر فراوانە وجێگای زۆر شتی تێدا دەبێتەوە.

چوارەم: ئەم جۆرە ئاژەڵ قوت دەدات وئاژەڵان زۆر لێی دەترسن.

پێنجەم: چاوەکانی ئەدرەوشێتەوە.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەم مارانە بەو کەسەوە دەدەن تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

لەوانەیە کەسێك پرسیار بکات وبلێت چۆن کەسێکی بچووك ئەو هەموو مارە پێوەی دەدات، ئەبو هورەیرە - خوای لێ ڕازی بێت - دەفەرموێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: «مَا بَيْنَ مَنْكِبَيْ الْكَافِرِ مَسِيرَةُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ لِلرَّاكِبِ الْمُسْرِعِ»[١]، واتە: ناوشانی کافران ئەوەندەی سێ ڕۆژە ڕێیە بەڕێی کەسێکی خێرا.

## ژن وپیاوی زیناکار

هەر لە فەرموودەکەی ئەبو ئومامەی باهلی - خوای لێ ڕازی بێت - هاتووە کە پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: «ثُمَّ انْطَلَقَ بِي حَتَّى مَرَرْتُ بِقَوْمٍ أَشَدِّ شَيْءٍ انْتِفَاخًا، وَأَسْوَئِهِ مَنْظَرًا، وَأَنْتَنِهِ رِيحًا رِيحُهُمْ رِيحُ الْمَرَاحِيضِ، قُلْتُ: مَنْ هَؤُلاءِ؟ قِيلَ: هَؤُلاءِ الزَّانُونَ وَالزَّوَانِي»[٢]، واتە: پاشان تێپەڕیم بەلای کۆمەڵێکی تردا ئەمانیش بەهەمان شێوە هەڵئاوسا بوون وبۆنێکی زۆر ناخۆشیان لێ دەهات کە وەکو بۆنی ئاودەست بوو، ووتم: ئەمانە کێن؟ ووتیان: ئەمانە ئەو ژن وپیاوانەن کەوا لە دونیادا زینایان کردووە وبەو شێوەیە مردوون وتەوبەیان نەکردووە.

---

[١] رواه البخاري ومسلم.

[٢] رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحهما، والمعجم الكبير للطبراني، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت: «فَانْطَلَقْنَا، فَأَتَيْنَا عَلَى بِنَاءٍ مِثْلِ التَّنُّورِ، فَسَمِعْنَا لَغَطًا وَأَصْوَاتًا، قَالَ: فَاطَّلَعْنَا فِيهِ، فَإِذَا فِيهِ رِجَالٌ وَنِسَاءٌ عُرَاةٌ، وَإِذَا هُوَ يَأْتِيهِمْ لَهَبٌ مِنْ أَسْفَلَ مِنْهُمْ، فَإِذَا أَتَاهُمْ ذَلِكَ اللَّهَبُ ضَوْضَوْا»[1]، واتە: پاشان ڕۆشتین بۆ شوێنێك بینایەك بوو لەسەر شێوەی تەنوور بوو (واتە: لە بنەوە تەسك بوو ولە سەرەوەش فراوان) گوێم لە دەنگ وهاوارێکی زۆر بوو، تەماشای ناو تەنوورەکەمان کرد کۆمەڵێك پیاو وئافرەتی ڕووتی تێدابوو، ئاگری تەنوورەکە لە بنەوە تاوەکو سەرەوە بەرز دەبویەوە، لە کاتی بەرز بوونەوەی گڕەکە دەیانەوێت بێنە دەرەوە بەڵام دووبارە دەکەنەوە ناو ئاگرەکە.

## ئەو دایکانەی شیر بەمنداڵەکانیان نادەن

هەر لە فەرموودەکەی ئەبو ئومامەی باهلی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ هاتووە کە پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: «ثُمَّ انْطَلَقَ بِي فَإِذَا أَنَا بِنِسَاءٍ، يَنْهَشُ بِثَدْيِهِنَّ الْحَيَّاتُ، قُلْتُ: مَا بَال هَؤُلاءِ؟ قَالُوا: هَؤُلاءِ اللَّوَاتِي يَمْنَعْنَ أَوْلادَهُنَّ أَلْبَانَهُنَّ»[2]، واتە: پاشان منیان برد کۆمەڵێك ئافرەتم بینی خوای پەروەرگار کۆمەڵێك ماری بۆ

---

[1] رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحهما، والمعجم الكبير للطبراني، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

[2] رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحهما، والمعجم الكبير للطبراني، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

ئامادەكرد بوون، ئەم مارانەش مەمكی ئەم ئافرەتانەی دەگەزی وپێانی دەدا، ووتم: ئەم ئافرەتانە تاوانیان چییە؟ ووتیان: ئەم ئافرەتانە شیریان نەدەدا بەمنداڵەكانیان.

بەڕاستی جێی داخە زۆرێك لە ئافرەتان لەبەر خاتری ئەوەی مەمكیان تێك نەچێت وبەرێكی بوەستێت شیری خۆیان لە منداڵەكانیان حەرام دەكەن كە پێویستە لەسەر هەموو دایكێك بۆ ماوەی دوو ساڵ شیر بدات بەمنداڵەكەی، وە ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتە پزیشكیەكانیش بكەن شیری قەتوو باش نییە بۆ منداڵ وەكو شیری دایك بەتایبەتی تاوەكو شەش مانگ نابێت شیری قوتوو بدرێت بەمنداڵ، بەلام ئافرەتێك كەشیری نەبێت تاوانبار نابێت.

هەروەها دیاردەیەكی خراپ هەیە لەناو كۆمەڵگا ئەویش شیردانە بەمنداڵی خەڵكی كە هەندێ جار كێشەی كۆمەلایەتی لێ دەكەوێتەوە، هەندێ جار هەیە كەسێك ئافرەتێك مارە دەكات بەلام لە دوایدا ڕوون دەبێتەوە كەوا خوشكی خۆیەتی ئەویش بەهۆی ئەوەی كەوا لە منداڵیدا یەكێكیان شیری دایكی ئەوی تریان خواردووە، چونكە هەر كەسێك شیری ئافرەتێك بخوات ئەو ئافرەتە دەبێت بەدایكی ومنداڵەكانیشی دەبێت بەخوشك وبرای، هەر بۆیە هاوەڵێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: دەمەوێت ئافرەتێك بهێنم بەلام خەڵكی دەڵێن: پێكەوە شیرتان خواردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چۆن دەیهێنی كە شتی وات كردووە واتە وازی لێ بهێنە چونكە ئێوە هەردوكتان خوشك وبرای یەكترن بەهۆی شیر خواردنەوە.

خوای پەروەردگار زوڵم وستەم لە هیچ قەومێك ناكات تاوەكو ئەو قەومە خۆیان بەرەو خراپە وزێدەڕەوی نەڕۆن، هەر بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ﴾ [الأنفال:٣٣]، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەتاوەكو تۆ لە ناویان ببیت سزایان بۆ نانێرم، هەر بۆیە كابرایەك هەبوو لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ بێباوەڕ بوو بەڵام كاتێك بیستی پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی كردووە مووسڵمان بوو، كاتێك پێیان ووت: بۆچی لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ مووسڵمان نەبووی؟ ووتی: ئێستا دەترسم خوای پەروەردگار سزا بڕژێنێت بەسەرماندا بەڵام لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ سزا دانەدەبەزی چونكە پێغەمبەری خوامان ﷺ لەناودا بوو هەر وەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ﴾ [الأنفال:٣٣].

یەكێك لەو سزایانە كە خوای پەروەردگار بۆ ئێمەی ناردووە ئەویش نەبارینی بارانە، چونكە بەڕاستی خەڵكانێكی زۆر بێزار بوونە بەهۆی نەبارینی باران بەگوێرەی پێویست، چونكە تاوانمان زۆر بوون ووازیشمان لە تەوبە وپەشیمان بوونەوە هێناوە چونكە تەوبە وپەشیمانی دەبێتە هۆی ئەوەی خوای پەروەردگار ڕەحمەتی خۆیمان بۆ ببارێنی هەر وەكو لەسەر زمانی پێغەمبەر نوح ـ علیه الصلاة والسلام ـ دەفەرموویێت: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا﴾ [نوح: ١٠ – ١١]، واتە: داوای لێ خۆش بوون لە خوای پەروەردگار بكەن وبگەڕێنەوە وتەوبە بكەن وپەشیمان ببنەوە بەڕاستی خوای پەروەردگار لە تاوانەكان

دەبووریێت، ئەگەر بگەڕێنەوە وتەوبە بکەن ئەوا بەدڵنیاییەوە خوای پەروەردگاریش بارانی ڕەحمەتان بۆ دەبارێنێ.

زانایەکی بەرزی تابعی کە هاوەڵی پێغەمبەری خوایﷺ بینیووە بەناوی (محمدی کوڕی موکەندیر) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ بەسەرهاتێکی واقعی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە ودەفەرموویێت: ساڵێك لە شاری مەدینە ووشکە ساڵی بوو خەڵکی چەند جارێك نوێژە بارانەیان کرد بەڵام خوای پەروەردگار بارانی نەدەباراند، شەوێك لە مزگەوتی پێغەمبەری خواﷺ دوای نوێژی عیشا مامەوە بۆ خوا پەرستی وعیبادەت کاتێك شەو تەواو تاریك بوو ولەنیوە شەودا پیاوێکی ڕەش پێست هاتە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خواﷺ بەڵام نەیدەزانی کە کەسێك لە ناو مزگەتە چونکە چراکان کوژرابوونەوە ورووناکی تێدا نەبوو، منیش پشتم دابووە یەکێك لە پایەکانی مزگەوت پاشان پیاوەکە هەستا دوو ڕکعات نوێژی کرد وپاشان هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردووە لە خوای پەروەردگار پاڕایەوە ووتی: سوێند بەتۆ ئەی خوای پەروەردگار دەبێ باران بۆ ئەو خەڵکە ببارێنی، کاتێك گوێم لە قسەکانی ئەم پیاوە بوو ووتم: دیارە ئەم پیاوە شێت بووە چۆن خەڵکی بەو شێوەیە لە خوای پەروەردگار دەپاڕێتەوە، پیاوە ڕەش پێستە دەستەکانی دانەگرت تاوەکو خوای پەروەردگار ئەوەندە بارانی باراند تاوەکو زۆرێك لە ڕێگەکان گیرا، پاشان پیاوەکە سوپاسێکی خوای پەروەردگاری کرد سوێند بەخوا تاوەکو ئێستا کەسم بەو شێوەیە نەبینووە سوپاسی خوای پەروەردگار بکات، پاشان پیاوەکە ووتی: ئەی خوای

پەروەردگار من چیم دوعام قەبوڵ دەكەیت، پاشان دەستی كرد بەشەو نوێژ تاوەكو بانگی بەیانی.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: سێیەكی كۆتایی شەو خوای پەروەردگار دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا (دابەزینێك كە شایستەی گەورەیی ودەسەڵاتی خۆی بێت) ودەفەرموویێت: كێ داوای لێ خۆشبوونم لێ دەكات تاوەكو لێی خۆش ببم وكێ شتێكی پێویستە تاوەكو پێی ببەخشم؟ بەڵام بەداخەوە زۆربەمان لەو كاتەدا خەوتووین، پاش نوێژی بەیانی ئەو پیاوە ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە ومنیش دوای كەوتم بەڵام لێم بزر بوو.

شەوی دووەمدا چاوەڕێم كرد ئەو پیاوە بگەڕێتەوە بەهەمان شێوە لە درەنگانێكی شەودا گەڕایەوە ودووڕكعات نوێژی كرد وسوپاسێكی زۆری خوای پەروەردگار كرد وپاشان دەستی كرد بەشەو نوێژكردن تاوەكو بانگی بەیانی، پاش نوێژی بەیانی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ومنیش شوێنی كەوتم وبینیم ڕۆشتە ماڵێكەوە ومن ئەو ماڵەم لە مەدینە دەناسی، پاشان بەیانی ڕۆشتم بۆ لای پیاوەكە وتەماشام كرد پیاوێكی پینەچییە، بەڵام ڕێزداری بەشێوە وپیشە نییە هەر وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات:١٣]، واتە: ئەوەی تەقوای زیاتر بێت جا باپیشەكەشی لەلای خەڵكی بەڕێز نەبێت، تەماشای پیاوەكەم كرد (بەڵام ئەو نەیدەزانی كەوا من چاودێری ئەو دەكەم چونكە ئەو پیاوێك نەبوو كەوا حەز بەخۆدەرخستن وناو وشوورەت بكات).

پاشان پیاوەکو ووتی: (محمدی کوڕی موکەندیر) خوفیێکت بۆ درووست نەکەم، منیش ووتم: نەواللە من پێویستم بەخوف نییە بەڵام تۆ ئەو برادەرەی ئەو دوو شەوەی من نەبووی؟ پیاوەکو ڕەنگی تێکچوو وزۆر بێتاقەت بوو، ووتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی من کەی ئەوەندە لەلای خوای پەروەردگار بەرێزم تاوەکو دوعام قبولٚ بکات (چونکە لەلای خەڵکی ئاشکرا دەبێت کە پیاوێکی بەڕێزە ودوعای قبول دەبێت).

جارێکی تر گەڕامەوە بۆ لای تەماشام کرد پیاوەکە نەماوە وسەری خۆی هەڵگردووە، پرسیارم کرد ئەو پیاوە پینەچییە چی لێهاتووە؟ ووتیان: بۆچی پرسیارت لێکرد واللەی دوای قسەکەی تۆ سەری خۆی هەڵگرد ونازانین بۆ کوێ ڕۆشتووە؟!!!.

## غەیبەت کردن

غەیبەت کردن ئەو تاوانەی کە زۆرێك لە مووسڵمانان گیرۆدەی بوونە، ئەو تاوانەی کەوا لە قیامەتدا سزایەکی سەختی هەیە لەو دونیاشدا وازهێنان لێی زۆر سەخت وقورسە، غەیبەت واتە: باسکردنی مووسڵمان بەشێوەیەك پێی ناخۆش بێت، ئیمامی(قرطبي) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویێت: (والإجماع على أنها من الكبائر وأنه يجب التوبة منها إلى الله تعالى)، واتە: کۆڕای زانایان لەسەر ئەوەن کەوا غەیبەت حەرامە ویەکێکە لە تاوانە گەورەکان وپێویستە غەیبەتکار تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار.

ئەو تاوانەی كەوا حەقی خەڵكە وبەنوێژ وعیبادەت لەسەرت لاناچێت تەنها بەگەردن ئازادی ئەو كەسە نەبێت كەوا غەیبەتت كردووە، بەڕاستی غەیبەت كردن زۆر ئاسانە لەسەر زمان بەڵام ماڵ وێرانییە لە ڕۆژی قیامەت، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ [الحجرات: ١٢]، واتە: با هەندێك لە ئێوە غەیبەتی هەندێكی ترتان نەكات ئایا كەسێك لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براكەی بخوات بەمردووی بێگومان نەخێر، بەڕاستی خوای پەروەردگار نموونەیەكمان بۆ دێنێتەوە بۆ ئەوەی غەیبەتمان لە پێش چاو قێزەون بكات بەڵام بەداخەوە ئێمە دڵەكانمان بەخەبەر نایەن وداناچڵەكێن، ئەی ئەو مووسڵمانەی كەوا ڕوو لە خوای پەروەردگار دەكات وئەی ئەو مووسڵمانەی خۆی بەئوومەتی پێغەمبەری خواﷺ دەزانێت وئەی ئەو مووسڵمانەی كەوا خۆی بەئەهلی جومعە وجەماعەت دەزانن، كێ لە ئێمە پێی خۆشە گۆشتی براكەی بخوات بەمردووی جا برای شیری بێت یان برای دینی بێت، هەر یەك لە ئێمە بیهێنێتە بەرچاوی خۆی كە براكەت مردووە وجەنازەكەی كەوتووە وچەقۆیەك بدەن بەدەستەو وبڵێن: پارچە گۆشت لە براكەت ببڕە وبیخۆ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ بێگومان ئەو ئیشە ناكەن، هەر كەسێك پێی خۆشە پارچە پارچە گۆشتی براكەی بەمردووی بخوات ئەوا ئەو كاتە پێی خۆش بێت غەیبەت بكات، هەر لە ئایەتەكە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ

رَحِيمٌ﴾، پاش ئـەوەی خراپـی غـەیبـەتی بـۆ بـاس كـرد فـەرمووی: تـەقوای خـوای پەروەردگار بكەن كەواتە ئێمەی مووسڵمان كاتێك غەیبەت دەكەین نیشانەی ئەوەیە كەوا تەقوای خوامان نییە، هەر بۆیە خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەكات تـەقوا* بكەین.

پێغەمبەری خواﷺ پێناسەی غەیبەتمان بۆ دەكات بۆ ئەوەی ئێمەی مووسڵمان بزانین غەیبەت چییە وخۆمان بپارێزین لە غەیبـەت كـردن، هـەر وەكـو لـە ئـەبو هورەیرەوە ـ خـوای لێ ڕازی بێـت ـ هـاتووە كـە پێغەمبـەری خـواﷺ فـەرمووی: «أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ» قَالُوا اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ «ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ»، قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِى أَخِى مَا أَقُولُ قَالَ «إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ»[١]، واتە: ئایا دەزانن غەیبەت كردن چییە؟ هاوەڵانیش بەئەدەب وڕێزەوە فەرموویان: خوا وپێغەمبەری خواﷺ دەزانن غەیبەت چییە، هەر لە خۆیانەوە بەبێ عیلم هەر یەكە وقسەیەكیان نەكرد بەڵكو بەئەدەب وبەئەخلاقەوە گوێ لە مامۆستا وپێشەوای خۆیان دەگرنﷺ، پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە كە باسی برا وخوشكی خۆت بكەی بەشێوەیەك كە پێی خۆش نییە.

كاتێك بەكەسێك دەڵێن فلان كوێر وفلان درێـژ وفـلان درۆزن چـەندین فلانـی تریش ئەو وەصفەی كە پێی ناخۆشە ئەوە غەیبەتە ونابێت بەهیچ شێوەیەك كەسـێك

---

* تەقوا بریتییە لە جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی خوای پەروەردگار وخۆدوورخستنەوە لە نەهییەكانی.

[١] رواه مسلم.

بانگ بكەیت كە پێی خۆش نییە، كەواتە قاعیدەیەكی ڕوون وئاشكرایە هەر كەسێك هەرچییەكی پێ ناخۆش بێت لە پاش ملە باسی بكرێت ئەوە غەیبەتە ئیتر باسكردنی لاشەی بێت یان هەر شتێك كە پێی ناخۆش بێت وەصفی بكرێت ئەوە غەیبەتە چونكە خۆی حاز وئامادە نییە.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: باسكردنی براكەتە بەشێوەیەك كە پێی ناخۆش بێت، هاوەڵان فەرموویان: ئەی ئەگەر ئەو وەصفەی ئێمە كردمان وئەو شتەی ئێمە ووتمان لەو كەسە بەدیكرا، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەو وەصفەی ئێوە لەو كەسەدا هەبوو بەڵام پێی ناخۆش بێت باسی بكرێت ئەوە غەیبەتە بەڵام ئەگەر تێدا نەبێت ئەوە بوهتانە، بوهتانیش یەكێكە لە تاوانە گەورەكان، هەر وەكو پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: «وَمَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أَسْكَنَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ رَدْغَةَ خَبَالٍ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ»[١]، واتە: هەر كەسێك شتێك بداتە پاڵ مووسڵمانێك وبڵێت فلان كەس وای كردووە وفلان كەس وای ووتووە ئەگەر ئەو كەسە وای نەكردبێت وای نەووتبێت ئەوا خوای پەروەردگار دەیخاتە جێگایەكەوە لە دۆزەخ كە پێی دەووترێت «رَدْغَةَ خَبَالٍ» واتە: ئەو جێگایەی كەوا كێم وزوخاوی ئەهلی دۆزەخی تێدا كۆدەبێتەوە، ئەگەر تەوبە نەكات ولای ئەو كەسە گەردنی خۆی ئازاد نەكات ، كەواتە با ئاگامان لە زمانی خۆمان بێت ڕامان نەكێشێت بۆ ئەو جێگایە.

[١] السنن الكبرى للبيهقي.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ باسی سزای ئەو کەسانەمان بۆ دەکات کەوا غەیبەتی کەسانی تر دەکەن هەر وەکو لە ئەنەسی کوڕی مالك ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: «لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمِشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ فَقُلْتُ مَنْ هَؤُلاَءِ يَا جِبْرِيلُ قَالَ هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ»[1]، واتە: کاتێك لە شەوی ئیسرا ومیعراج بەفەرمانی خوای پەروەردگار فەرمانی شەوڕەوی بەمن کرا بۆ ئاسمان بەلای کۆمەڵێك پێپەڕ بووم بینیم نینۆکیان بۆ درووست کراوە لە مس دەم وچاو وسنگی خۆیان دەڕنی، ووتم: ئەی جیبریل ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەمە چ کۆمەڵێکن کەوا بەنینۆکی مس دەم وچاو وسنگی خۆیان دەڕننەوە؟ ووتی: ئەمە ئەو کەسانەن کەوا لە دونیادا غەیبەتی مووسڵمانیان دەکرد وگۆشتەکەیان دەخوار، چونکە خوای پەروەردگار فەرمووی: کێ لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براکەی بخوات بەمردووی، کەواتە غەیبەت کردن واتە خواردنی گۆشتی براکەت بەمردووی، ئایا کێ لە ئێمە تەحەمولی ئەو سزای قەبرە دەگرێت ئەی سزای قیامەت چی بێت؟!!!

کەواتە غەیبەت مووسڵمان دووچاری سزای قەبر دەکات، هەر وەکو ئەبو بەکرە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت: «مر النبي صلى الله عليه و سلم بقبرين . فقال ( إنهما ليعذبان، وما يعذبان في كبير، أما أحدهما فيعذب في البول، وأما الآخر

[1] رواه أبو داود، وقال الألباني صحيح في صحيح وضعيف سنن أبي داود.

فيعذب في الغيبة»[1]، واتە: پێغەمبەری خواﷺ بەلای دوو قەبر تێپەڕی وفەرمووی: خاوەنی ئەم دوو قەبرە سزا دەدرێن لەبەر دوو تاوان کە لای خەڵکی زۆر ئاسان وئاساییە وبەڵام لای خوای پەروەردگار زۆر گەورەیە ئەوانیش: ئەو کەسەی کە خۆی لە میز ناپارێزێت وئەوی تریش ئەو کەسەی کە غەیبەت دەکات.

هەروەها پێغەبەری خواﷺ فەرموویەتی: « مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الِاسْتِطَالَةُ فِي عِرْضِ مُسْلِمٍ بِغَيْرِ حَقّ»[2]، واتە: گەورەترین بەشی ڕیبا ئەوەیە کەوا غەیبەتی کەسێك بکەیت، کەواتە غەیبەت تاوانێکی زۆر گەورەیە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: ڕیبا حەفتا وسێ بەشە بچووکترینیان ئەوەیە کە لەگەڵ دایکی خۆت زینا بکەیت، ئەگەر بچووکەکەی زیناکردن بێت لەگەڵ دایکی خۆت ئەی گەورەکەی چی بێت کە غەیبەت کردنە؟!!!

ئیمامی مالیك ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرمووێت: کۆمەڵێك مووسڵمانم دەناسی هیچ عەیب وعارێکیان نەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوا غەیبەتی خەڵکیان دەکرد خەڵکم دەبینی عەیبیان لێ دەدۆزینەوە، چونکە خۆیان غەیبەتی زۆریان دەکرد وهەر کەسێك بەدوای عەیب وعاری مووسڵمانێك بکەوێت خوای پەروەردگاریش سزای دان بەوەی کەوا عەیب وعاری خۆی بۆ خەڵکی ئاشکرا کرد، هەروەها دەفەرمووێت: کەسانی تریشم دەناسی عەیب وعاریان زۆر بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی

---

[1] رواه ابن ماجه، وقال الألباني حسن صحيح في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة وصحيح الترغيب والترهيب.

[2] رواه أحمد وأبو داود، وقال الألباني صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

كەوا غەیبەتی كەسیان نەدەكرد وعەیب وعاری مووسڵمانیان دەشاردەوە ودادەپۆشی خوای پەروەردگاریش هەموو عەیب وعارەكانیان دادەپۆشی.

پیاوچاكان زۆر خۆیان لە غەیبەت دەپاراست هەر وەكو ئیمامی ابراهیم كوڕی ئەدهەم ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ ڕۆژێك بۆ دەعوەتێك بانگ كرا بەڵام كاتێك دانیشتن چاوەڕێیان كرد نان بخۆن ووتیان: فلان كەس نەهاتووە با جارێك چاوەڕوانی بكەین، یەكێك لەوانەی كەوا لە مەجلسەكەدا دانیشتبوو ووتی: فلان كەس خۆی بەگەورە دەزانێت ولە خۆی ناگرێت بێت بۆ لای ئێمە مەگەر كەسێك بچێت بەشوێنی دا، ابراهیم كوڕی ئەدهەم ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ كاتێك گوێی لەم كەسە بوو كەوا غەیبەتی مووسڵمانێكی كرد هەستا ومەجلسەكەی بەجێهێشت نانی نەخوار، لە ماڵەوەش تاوەكو سێ ڕۆژ نانی نەخوارد چونكە كەسێك غەیبەتی مووسڵمانێكی كرد وئەویش لەو مەجلسە دانیشتبوو، ئەمە حاڵی كەسێكە كە تاوەكو سێ ڕۆژ نان ناخوات ئەی ئەبێ ئێمە تاوەكو چەند ڕۆژ نان نەخۆین كە غەیبەت كردن بووە بەشتێكی زۆر ئاسان ومەجلسێكمان نییە كەوا غەیبەتی تێدا نەكرێت.

هەروەها ئیمامی (داود الطائي) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ یەكێكە لە زانا بەرزەكان وزانایان زۆر مەدحی ئەم پیاوە دەكەن كە چەند لە خوا ترس بووە، ڕۆژێك بەجێگایەكدا تێپەڕی تەماشای جێگاكەی كرد ولە هۆش كەوت، هەڵیان گرت وبردیانەوە بۆ ماڵەوە كاتێك كە هۆشی هاتەوە ووتیان: ئەی(داود الطائي) بۆچی كە تەماشای ئەو جێگایەت كرد بێ هۆش كەوتی؟ ووتی: سوێند بەخوای پەروەردگار

کاتێك چوومە ئەو جێگایە بیر ئەوەم کردەوە کەوا ڕۆژێـك لـەو جێگایـەدا غەیبـەتی موسڵمانێکم کردووە، بیرم کردەوە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەی(داود الطائي) بۆچی لە فلان جێگادا غەیبـەتی مووسـڵمانێکت کـرد ومنـیش هیچ وولامێکم پێ نییە بۆ خوای پەروەردگار، ئەی ئەبێ وولامی ئێمە چی بێـت کـە هەزاران غەیبەتمان کردووە؟!!!!.

ئیمامی بوخاری ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرمووێت: ئومێدم هەیـە بگـەم بەخوای پەروەردگار ولێپرسینەوەم لەگەڵ نەکات لەسەر ئەوەی کەوا هیچ غەیبەتێکم نەرکردووە، بەڕاستی پیاوچاکان بەو شێوەیە بوونە وزمانی خۆیانیـان پاراسـتووە لـە غەیبەت کردن، بەڵام هەر یەکە لە ئێمە بیربکەینەوە تەنها لـە یـەك ڕۆژدا چـەندین غەیبەتمان کردووە.

## ڕیبا خواردن

ڕیبا یەکێکـە لـەو تاوانانـەی کـەوا هەڕەشـەیەکی زۆری لەسـەرە وبەهۆیـەوە خاوەنەکەی تووشی سزای قەبر دەبێت، هەر وەکو عەبدوڵای کوڕی عەباس ـ خوایـان لێ ڕازی بێت ـ دەگێرنەوە کەوا پێغەمبەری خواﷺ فەرموویـەتی: «إِذَا ظَهَـرَ الزِّنَـا وَالرِّبَا فِي قَرْيَةٍ ، فَقَدْ أَحَلُّوا بِأَنْفُسِهِمْ عَذَابَ اللَّهِ»[١]، واتە: هەر کۆمەڵێك زینا وڕیبای

[١] المعجم الكبير للطبراني، وقال الألباني حسن لغيره في صحيح الترغيب والترهيب.

تێدا بڵاوبیێتەوە كەوا مامەڵە وئیش وكاریان بەڕیبا كرد ئەوا بەڕاستی سزای خوای پەروەردگار بۆ خۆیان حەڵاڵ دەكەن، ئەو كەسانەی لەبەر خاتری ماڵ ومنداڵ وسەروەت وسامان وخانوو ڕیبا دەخۆن خوای پەروەردگار سزایەكی قورسیان بۆ ئامادەكردووە، هەر وەكو لە چەندین شوێندا لە قورئاندا خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو كەسانەی كەوا تاوان وسەرپێچی خوا وپێغەمبەری خوا ﷺ دەكەن مژدەی ئاگری بەئێش وئازاریان بدەرێ، جا هەر كەسێك ئەم تاوانەی كردووە ئەوا با تەوبەیەكی ڕاستەقینە بكات وهەر كەسێكیش ئەنجامی نەداوە ئەوا سوپاسی خوای پەروەردگار بكات داوای یارمەتی وتەوفیقی لێ بكات كە بیپارێزێت.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا كە سەمورەی كوڕی جوندب - خوای لێ ڕازی بێت - بۆمان دەگێڕێتەوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لە خەویدا دوو مەلائیكە هاتن بۆ لای وبردیان وچەند سزایەكیان پیشاندا هەر وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «فانطلقنا فأتينا على نهر أحمر مثل الدم وإذا في النهر رجل سابح يسبح وإذا على شط النهر رجل قد جمع عنده حجارة كثيرة وإذا ذلك السابح يسبح ما يسبح ثم يأتي ذلك الذي قد جمع عنده الحجارة فيفغر له فاه فيلقمه حجرا فينطلق يسبح ثم يرجع إليه كلما رجع إليه فغر له فاه فألقمه حجرا»[1]، واتە: پاشان گەشتینە سەر ڕووبارێكی سوور كە وەكو خوێن بوو لە ناو ڕووبارەكەدا پیاوێك مەلەی دەكرد

---

[1] رواه البخاري.

بەڵام مەلەکردنەکەی بەوویستی خۆی نییە، ئەگەر کەسێك دەسەڵاتی هەبێت چۆن لە ناو ڕووبارێکی خوێن مەلە دەکات؟! لە لێواری ڕووبارەکەشدا پیاوێك وەستاوە وکۆمەڵێك بەردی زۆری پێیە بەڵام خوای پەروەردگار کارێکی پێ سپاردووە بەرامبەر ئەو پیاوە تاوانبارەی کە لە ناو ڕووبارە خوێنەکە مەلە دەکات بەهۆی ڕیبا خورادنەوە، پیاوە تاوانبارەکە دەیەوێت بێتە لێواری ڕووبارەکە وخۆی ڕزگار بکات ولەو ڕووبارە خوێنە کەم کەم خۆی لە پیاوی سەر ڕووبارەکە نزیك دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕووبارە خوێنە دەربچێت کە نزیك دەبێتەوە بەبێ وویست ئیرادەی خۆی دەمی دەکاتەوە وپیاوی سەر ڕووبارەکە بەردێك فڕێ دەداتە ناو دەمی ودەگەڕێتەوە ناوەڕاستی ڕووبارەکە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت بەهەمان شێوە پیاوی سەر ڕووبارەکە بەردێك فڕێ دەداتە ناو دەمی پیاوە ڕیبا خۆرەکە ورزگاری نابێت بۆ هەموو جارەکان بەو شێوەیە دەبێت وئەمە سزای ناو قەبرە بۆ ئەو کەسەی کەوا ڕیبا دەخوات تاوەکو ڕۆژی قیامەت سزا دەدرێت.

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێنایەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «فَأَقْبَلَ الرَّجُلُ الَّذِي فِي النَّهَرِ فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ رَمَى الرَّجُلُ بِحَجَرٍ فِي فِيهِ فَرَدَّهُ حَيْثُ كَانَ فَجَعَلَ كُلَّمَا جَاءَ لِيَخْرُجَ رَمَى فِي فِيهِ بِحَجَرٍ فَيَرْجِعُ كَمَا كَانَ»، واتە: ئەو پیاوەی کە لە ناو ڕووبارە خوێنەکەدایە ڕوو دەکاتە ئەو پیاوەی کە لە لێواری ڕووبارە خوێنەکەیە وەستاوە، کاتێك پیاوە ڕیبا خۆرەکە دەیەوێت دەربچێت وخۆی ڕزگار بکات، ئەو پیاوەی کەوا لە لێواری

ڕووبارەکە وەستاوە بەردێك دەهاوێژێتە ناو دەمی ودەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ڕووبارەکە، هەموو جارێك کە دەیەوێت دەربچێت وخۆی ڕزگار بکات پیاوی سەر لێواری ڕووبارەکە بەردێك دەهاوێژێتە ناو دەمی ودەگەڕێتەوە جێگای خۆی، ئەمە سزای کەسێکە کەوا لە دونیادا ڕیبای خواردبێت ومامەڵەی بەڕیبا کردبێت جا ئەگەر خوادبێتی یان نەیخواردبێ ئەمە سزاکەیەتی.

بۆیە دەبێ ئاگاداری خۆمان ببین لەبەر خاتری ماڵ ومنداڵ خۆمان تاوانبار نەکەین وسزای قەبر بۆ خۆمان مسۆگەر نەکەین، ئەگەر کەسێك لە ئێمە بەبەردەوامی وبەبێ پچڕان لە ناو ڕووبارێك خوێن مەلە بکات وبەرد بدرێت بەناو دەمان دەبێ چ جۆرە ژیانێك بێت، ئەگەر کەسێك لە ئێمە دەسەڵاتدارێك پێی بڵێت: ئەگەر فلان تاوان ئەنجام بدەیت ئەوا هەموو ڕۆژێك بەردێك دەدەمە ناو دەمت بێگومان ڕازی نابین، بەڵام لەبەر خاتری پارە وسەروەت وسامان زۆرێك لە ئێمە سزای قەبر بۆ خۆی مسۆگەر دەکات کە تاوەکو ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «دِرْهَمٌ رِبًا يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وَهُوَ يَعْلَمُ أَشَدُّ مِنْ سِتَّةٍ وَثَلَاثِينَ زَنْيَةً»[١]، واتە: ئەگەر موسڵمانێك یەك درهەم ڕیبا بخوات وبزانێت ئەمە ڕیبایە ئەوا لای خوای پەروەردگار لە سی وشەش زینا گەورەترە،

[١] رواه أحمد، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

كەواتە ئەگەر زانیمان مامەڵەیەك ڕیبای تێدا بوو وازی لێ بهێنین خۆمان تووشی ئەو سزا گەورەیە نەكەین كەوا بۆ ڕیبا خۆران ئامادەكراوە.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «الربا ثلاثة و سبعون بابا أيسرها مثل أن ينكح الرجل أمه»[1]، واتە: ڕیبا حەفتا وسێ بەشە وبچووكترین بەشی ئەم حەفتا وسێ بەشە ئەوەیە كە كەسێك دایكی خۆی مارە بكات وبچێتە لای.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا هاتووە كەوا جابر ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت: «لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ وَقَالَ هُمْ سَوَاءٌ»[2]، واتە پێغەمبەری خواﷺ لەعنەتی كردووە لەو كەسەی كەوا ڕیبا دەخوات وئەوەی دەبێتە وەكیلی وئەوەی ڕیباكە دەنووسێت وئەوەی دەبێتە شاهید هەر هەموویان وەكو یەكن، هەندێك موسڵمان هەیە خۆی دەپارێزێت لە خواردنی ڕیبا بەڵام دەبێت بەوەكیلی كەسێك لە ئیشێكدا كەوا ڕیبای تێدا كە بەڕاستی لەم ڕۆژگارەدا لە زۆرێك لە كۆمپانیاكان مامەڵەكانیان ڕیبای تیدایە هەر بۆیە كەسێك مامەڵەی لەگەڵ ئەو كۆمپانیانە كرد ئێمە خۆمان نەكەین بەوەكیلی تاوەكو تووشی سزای قەبر نەبین، كە لە ڕۆژی قیامەتدا لە دەستی دایك وباوك ومنداڵی خۆمانیش ڕادەكەین هەر وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ

[1] المستدرك، وابن ماجه، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة.

[2] رواه مسلم.

الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ * وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ * وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ * لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ﴾ [عبس: ٣٤-٣٧] ، واتە: كە ڕۆژی قیامەت هات لە برای خۆت ڕادەكەیت ولە دایك وباوكی خۆت ڕادەكەیت ولە خێزان ومندالّی خۆت ڕادەدەیت چونكە هەمووی سەرقالّی تاوانی خۆیەتی.